ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان
دەورەی تازە
# ئۆکتۆبەر
7
10 ی شوبات / مارسی 2021



## بۆرژوازی و پلەدوویی ژن!

موحسن کەریم

نایەکسانی و پلەدویی و ستەم و چەوساندنەوەی ژنان لە کۆمەڵگای سەرمایەداری هاوچەرخدا، بەشێکە لە پێداویستیەکانی چینی بۆرژوازی بۆ پارێزگاریکردن لە کۆمەڵگای چینایەتی و چەوسێنەرانەی سەرمایەداری، ئامرازێکی کاریگەرە بۆ دروستکردنی ناکۆکی و دووبەرەکی لەنێوان بەشەکانی چینی کرێکاردا تا لەو رێگایەوە ئیمکانی یەکگرتن و یەکێتی ئەم چینە دژی سیستەم و دەسەڵاتە ستەمکارو چەوسێنەرەکەی بکاتە کارێکی سەخت و دوورە دەست. جیاکاری لەدژی ژنان و دانانی ژنان لە پێگەیەکی کۆمەڵایەتی نزمتر لە پیاوان بۆئەویە کە ژنانی کرێکار بخەنە بەرامبەر پیاوانی کرێکارەوەو بەمجۆرە توانای یەکخستنی هێزی چینایەتی چینی کرێکار شەق بکەن و گەورەترین زەربە لە یەکێتی چینایەتی کرێکاران بدەن.

لەکۆمەڵگای سەرمایەداریدا هەموو جۆرە چەوساندنەوەو جیاکاریەکی کۆمەڵایەتی، رەگەزی، نەژادی، فەرهەنگی و جیاکاری لەسەر بنەمای رەنگی پێست و زمان و بیروباوەڕ و ئاین و .. تاد. ئامانجەکەی لەت لەتکردن و پەرشوبڵاوکردنی هێزی چینی کرێکارە.. بەڵام هیچ کام لەو جیاکاریانە بەوێنەی جیاکاری دژی ژنان لەسەر خزمەتکردن بە هێشتنەوەی دەسەڵاتی سەرمایە کاریگەر نیە. جیاکاری دژی ژنان جیاکاریە دژی نیوەی دانیشتوانی گوی زەوی!

سەرمایەداری ئەم جیاکاریە دژی ژنان لەسەر بنەمای بە کاڵاکردنی ژنان و مامەڵەکردنیان وەکو

بۆ لاپەڕە 2

# سەبارەت بەڕاپەڕینی ئازاری ١٩٩١

گفتوگۆ لەگەڵ عوسمانی حاجی مارف



ئۆکتۆبەر: لە ئازاری ساڵی ١٩٩١دا خەڵکی کوردستان دژی رژێمی بەعس راپەڕین و کۆتاییان بە دەسەڵاتی سەرکوتگەری ئەو رژێمە هێنا لە کوردستان، بەڵام دوای (٣٠) ساڵ رێک لەو رووداوە، بەشێکی بەرچاوی خەڵک بەو ئەنجامە گەیشتوون کە راپەڕین ئاواتەکانی ئەوانی نەهێناوەتەدی و ئەوانەی کە بەرهەمی راپەڕینیان چنیەوە دەبێت بە راپەڕینێکی دیکە یان بە هەڵسانێکی جەماوەری لە دەسەڵات بکێشرێنە خوارەوە. ئایا راپەڕین خیانەتی لێکرا، یاخود ئاکامی مەنتقی راپەڕینی ئازار خۆی هەرئەوەبوو کە روویدا.

عوسمانی حاجی مارف: ناتوانین مێژوویەک لە خرۆشانی جەماوەری یان تا ئەگەر بڵێین "راپەڕین" کە وەک رووداوێکی گرنگ لە ژیانی خەڵکی کوردستان و لە ئازاری ١٩٩١دا دژ بە رژێمی بەعس روویدا و یاد دەکرێتەوە، بە سادەیی وەها باس بکەین کە ئەو رووداوە تەنها لە رێگەی راپەڕینێکی جەماوەریەوە ئەنجام دراوە، یان راپەڕین دەوری سەرەکی هەبووە لە کۆتایی هێنان بەدەسەڵاتی سەرکوتگەری بەعس لە کوردستان و بەقازنجی خەڵک بووە؟. بەرلەوەی رەوتی رووداوەکان بگاتە ئەو ئاستەی ناڕەزایەتی و هەڵسانی جەماوەری و هێرشی چەکداری بۆ سەربنکە سەربازیەکانی دەسەڵاتی بەعس بکات بۆ پاکردنەوەی دەسەڵات لە کوردستاندا، دروست نیە تەنها وەک

بۆ لاپەڕە 3

## بەیاننامەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان بەبۆنەی ٨ ی مارس رۆژی جیهانی ژنانەوە

بۆ لاپەڕە 5

## ئەزمونی بزوتنەوەی شورایی لە کوردستان

گفتوگۆ لەگەڵ عەبدوڵا مەحمود، جەمال موحسن

بۆ لاپەڕە 6

## ترازێدیای مەسیحیەکان و سەردانەکەی پاپا بۆ عێراق

خەسرەو سایە

بۆ لاپەڕە 9

## دریژەی.. تراژیدیای مەسیحیەکان وسەردانەکەی..

کۆیلە جێبەجێ دەکات. سەندنەوەی هەموو خاسیەتێکی ئینسانی لە ژنان کرۆکی فکری و ئایدیۆلۆژی بۆرژوازیە سەبارەت بە ژنان لە کۆمەڵگای سەرمایەداری هاوچەرخدا. ئەگەرچی خودی ستەمکێشی ژنان ئاکامی راستەوخۆی کۆمەڵگای سەرمایەداری نیە، بەڵام هێشتنەوەی ئەم ستەم و جیاکاری و نایەکسانیەی ژنان یەکێکە لە کۆڵەکەکانی ڕاگرتنی سیستەمی سەرمایەداری و دەسەڵاتی بۆرژوازی لە کۆمەڵگای ئیستادا.

ژن لە کۆمەڵگای سەرمایەداریدا وەکو کاڵا مامەڵە دەکرێت کە کڕین و فرۆشتنی پێوە دەکرێ. ئەم کڕین و فرۆشتنە بەدووشێوەی جیاواز دەچێتە پێشەوە. جۆرێکیان لەچوارچێوەی پەیوەندیەکی پیرۆزکراودا کە ناوی لێنراوە زەواج. لەم مامەڵەیە یاسایی و موحتەرەمەدا کە لەڕووی کۆمەڵایەتی و دینیەوە قبوڵ کراوە، ژن وەکو کاڵایەک لەبەرامبەر بڕێک پارەدا دەبێتە خزمەتکاری پیاو لەڕووی سێکس و بەخێوکردنی مناڵ و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریەکانی دیکەی ژیان بە پیاوان. دیوەکەی دیکەی کڕین و فرۆشتنی ژنانە لە پیشەسازی سێکس و بازرگانی سێکسەوە، کە سالانە تریلیۆنەها دۆلار دەخاتە سەر خەزینەی سەرمایەو یەکێکە لە پڕ قازانجترین پیشەسازیەکانی کۆمەلگای بۆرژوازی کە ژنان وەکو کۆیلەی سێکس و لە نا ئینسانی ترین و سووکترین هەلومەرجدا رادەگرێت.

ئەگەر ئەمە روخساری قێزەونی کۆمەڵگای سەرمایەداری بێت لە ئاستی جیهانیدا.. لە کوردستانیش هەمان واقعیەت بە هەموو شێوازەکانیەوە کاردەکات. بێمافی ژنانی کرێکار لەڕووی هەلی کارو کرێ و مافەکانەوە .. بیکارکردنیان لەهەر توندپێچێکی ئابوریدا و بێکارکردنیان... بێمافی یاسایی و .. لەڕووی میرات و مناڵ بەخێوکردن و زەواج و .. تاد. بە کەم سەیرکردنی ژنان و شکاندنی کەسایەتیان بەشێوەی هەموو رۆژە لەلایەن برا و مێرد و کەسوکاری نێرینەی خێزانەوە.... تا هەراسانکردن و گێچەلی سێکسی لەسەر کارو لە ئاستی خێزان و کۆمەڵگادا.... تا پەرەدان بە بازرگانی بە جەستەی ژنانەوە کە لە ساڵانی رابرووودا لە کوردستاندا فراوان بۆتەوە... سەرەڕای جەنگێکی بەردەوام لە دژی ژنان و کچان کە لەساڵی ١٩٩١ەوە بەردەوامەو درێژەی هەیە و بەبیناوی کڕینەوەی شەرەفی خێزان و عەشیرتەوە هەزاران ژن و کچ کوژراون یان ناچار بە خۆکوشتن کراون. یاساو کەلتوری ناسیۆنالیستی و ئیسلامی وەکو زنجیری کۆیلەکانی سەردەمی کۆن لە گەردنی ژنان و کچانی کوردستان ئالاوەو بەردەوام و بە زەبری یاساو عورفی کۆمەڵایەتی و بەهاکانی کوردایەتی و ئیسلامی و تەنانەت بە زەبری لێدان و توندوتیژی و تەنانەت تیرۆری ژنان ئەم یاساو بەها کۆن و دژە ژنانە دەسەپێنن و دەهێڵرێنەوە.

ئەگەر ستەم و چەوساندنەوە و پلەدوویی ژنان لەلایەن سیستەم و دەسەڵاتی بۆرژوازیەوە دژ بەژنان بەرێوەدەبرێت، ئەوا رزگاربوون لەم ستەم و نایەکسانی و بێمافیە.. گێڕانەوەی کەسایەتی و شکۆ بۆ ژنان... دەست راگەیشتنیان بە ئازادی و بەهرەمەندبوون لە یەکسانی هەمەلایەنە لەگەڵ پیاواندا و بگرە بەدەستهێنانی هەرجۆرە ریفۆرمێکی جدی لە ژیان و گوزەران و مافە مرۆییەکانی ژناندا بەندە بە خەباتی چینی کرێکارەوە بۆ رزگاربوون لە سیستەم و دەسەلاتی سەرمایەو بۆرژوازی و دەبێت ببێتە بەشێک لەم خەباتە... بەم پێیە بزوتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان بە ناچاری دەبێت بەشێک بێت لە بزوتنەوەی گشتی چینی کرێکار دژی سەرمایەداری و دەسەلاتی بۆرژوازی...

بەڵام کۆتایی هێنان بە دەسەڵاتی سەرمایە و بۆرژوازی لە کوردستان لە هەنگاوی یەکەمدا لەڕیگای کۆتایی هێنان بەدەسەڵاتی ئێستای بزوتنەوەی کوردایەتی و حزبەکانیەوە دەبێت، وەکو یەکەم وێستگە بۆ ڕامالینی بەربەستە سیاسیەکان لەبەردەم چینی کرێکار بۆ دامەزراندنی دەسەڵاتی چینایەتی خۆی.. واتە حکومەتی کرێکاری... بۆیە بزوتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان لە کوردستان دەبێت بەشێک بێت لەو خەباتە گشتیە بۆ ئەوەی ژنانی کوردستان لەم هەلومەرجە کارەساتبارەی ئێستا رزگاریان بێت و وەکو هاولاتی یەکسان و پلەیەک مامەڵە بکرێن نەک وەکو کۆیلەی سێکس و خزمەتکاری نێرینەی خێزان و کۆمەڵگا!

★

**خەباتی ژنانی کوردستان بۆ گەیشتن بە مافە فەردی و مەدەنیەکانیان بەشێکە لە خەباتی چینی کرێکاری کوردستان بۆ کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی بۆرژوازی کوردو حکومەتی میلیشیایی....**

## درێژەی .. سەبارەت بەڕاپەڕینی ئازاری ١٩٩١
## گفتوگۆ لەگەڵ عوسمانی حاجی مارف

دەستکەوتێکی جەماوەری و لە پەیوەند بە خواستەکانی خەڵکەوە ببینین، پێویستە ئەوە ڕۆشن بێت بەجیا لەوەی هەلومەرجی سیاسی عێراق بە چەندین توندپێچ و دەوری شەڕی کەنداو دەرکردنی هێزەکانی عێراق لە کوێت و لێدانی گورزێکی گەورە لە سوپای عێراق لەلایەن هێزەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانەوە کاریگەریان لەسەر خرۆشانی جەماوەری دانا، لەهەمان کاتدا دەورو زاڵ بونی نەخشەو بەرژەوەندی سیاسی و باڵادەستی و مەوقعیەتی دەوڵەتی ئەمریکا سایەی کردبو بەسەر ئاسۆی ڕاپەریندا، هەر بەم ئاراستەیەش ڕاپەرین تەواو کەوتە ژێر کارگەری باڵادەستی بەرژەوەندیەکان و ئاسۆی بزوتنەوەی کوردایەتی کە دانەبراو بوو لە باڵادەستی نەخشەو سیاسەتەکانی دەوڵەتی ئەمریکا و هیچ پەیوەندی بە دەورو ئیرادەی سەربەخۆو بەرژەوەندیەکانی خەڵکەوە نەبوو. هەربۆیە حزبەکانی کوردایەتی توانیان یاری و مامەڵە بە ئاستی توانایی ئەو ڕاپەرینە بکەن بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵاتێکی سیاسی کە چارەنوسی کوردستان لەناو سەرگەردانی و ئایندەیەکی نارۆشندا راگرن، بە تایبەتی بەدوای ئاوارەیی و دروستکردنی "نۆفلایزۆن" واتە هێڵی ٣٦ بۆ کوردستان، ڕوداوەکان تەواو لەبەرژەوەندی بەدەستهێنانی دەسەڵاتی سیاسی بۆ حزبە میلیشیاکانی یەکێتی و پارتی یەکلایی کرایەوە.

گەر بێتەوە یادمان خرۆشانە جەماوەریەکان لە شارەکانی خواروی عێراقدا بە گشتی هاوشانی لەشکرکێشی هێزەکانی ئەمریکاو هاوپەیمانی بۆسەر شارەکانی خواروی عێراق زیاتر سیمای تاڵانی و وێرانکاری و بێ ئاسۆیی و نارۆشنی خواستەکان و چارەنوسێکی نادیار بە خۆوە نیشاندایین، هەربویە دوای پاشەکشەی هێزەکانی ئەمریکاو هاوپەیمانی، دەسەڵاتی بەعس توانی لە ماوەیەکی کورتدا شارەکانی خواروی عێراق بخاتەوە ژێر دەسەڵاتی هێزەکانی.

هەرچەندە بە گشتی بەشی زۆری سیماو شێوازی خرۆشانە جەماوەریەکەی شارەکانی کوردستانیش بەهەمان نارێکخراوی و نائامادەی و زاڵ بونی ئاسۆی کوردایەتی هاتە مەیدان و هەمان شێوەی تاڵانی و وێرانکاریشی نیشاندایین، بەڵام لە هەمان کاتدا هەنگاوێک لە پێشتری خرۆشانە جەماوەریەکانی شارەکانی خواروی عێراق بوو، لەبەرئەوەی پێکهاتنی شورای خەڵکی لە شارەکانی هەولێر و کەرکوک و سلێمانی بەدەورو کاریگەری ڕێکخراو و کەسانی کۆمۆنست و چەپ ئاراستەیەکی ترو ئاستێک لە ڕێکخراوبون و نارەزایەتی جەماوەری نیشاندا. هەروەها لەلایەکی ترەوە حزبەکانی کوردایەتی لە ژێر پەردەی بەرەیەکداو بەڕێکەوتنی ژێربەژێر لەگەڵ ئەمریکاو وڵاتانی ناوچەکەدا، بەهێزی چەکدارەوە ئامادە تر تێکەڵ بە خرۆشانە جەماوەریەکان بون و توانیان لە خزمەتی بەرژوەندیە سیاسیەکان و دەسەڵاتی بزوتنەوەی کوردایەتیدا بەکاری بهێنن.

ئەوەی جێگای سەرنجە بەدوای پاشەکشەی هێزەکانی ئەمریکاو هاوپەیمانان، هیزە تێکشکاوو شکست خواردوەکەی دەسەڵاتی حزبی بەعس ڕوی کردەوە کوردستان و هەڵاتن و ئاوارەیی و دەربەدەری ملیۆن زیاتر لە خەڵکی کوردستان سەرنجی تەواوی جیهانی راکیشا، ئەوەی پێویستە ئاماژەی پێ بدەین جگە لە هێزێکی چەکداری نائامادەو لاوازی شوراکان هیچ هێزێکی تر لەبەرامبەر هێرشەکانی دەسەڵاتی بەعسدا نەوەستایەوە، ئەوەی لەیاد ناچێت، هێزە چەکدارەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی بە ناوی بەرەوە پێش خەڵکی هەڵاتن و شارەکانیان بێ بەرگریکردن لە خەڵک بەجێ هێشت، ئەمەش هۆکارێک بو کە لە نائامدەیی و لە ناریکخراوەیی و بێ ئاسۆئێ خەڵکدا ناچار پەنا بۆ ئاوارەیی و چۆڵکردنی شارەکان بەرن و شارەکان رادەستی سوپای عێراق کەنەوە.

بۆیە جگە لە تێگەیشتنمان بۆ سیمای ڕاپەرینە جەماوەریەکانی ئازاری ساڵی ١٩٩١ کە لە ژێر کاریگەری ئاسمانی هەلومەرجێکی سیاسی و نالەبارو گێژاو و دەخالەتی دەوری ڕاستەوخۆو ستراتیژو بەرژەوەندیە سیاسیەکانی دەوڵەتی ئەمریکا و باڵادەستی بزوتنەوەی کوردایەتیدا بووە، لە هەمان کاتدا بەهەر ئاستێک لە تێکەڵ بون و پەیوەست بونی کۆمۆنستەکان بە خرۆشانە جەماوەریەکانەوە، بەڵام نارێکخراوبون و ناهوشیاری و ئامادەیی جەماوەری و نەبونی رابەری و دەورو مەوقعیەتی بزوتنەوەی کرێکاری و پەرشوبڵاوی کۆمۆنستەکان و نەخستنەڕوی هێڵێکی سیاسی ڕۆشن بۆ ئایندەی کوردستان، بەشێکی تری واقعیەتی نارەزایەتی و راپەرین بووە، هەربۆیە ڕاپەرین دەبێت بە دەستکەوتێکی گەورە بۆ بزوتنەوەی کوردایەتی کە ٣٠ساڵە ئاسۆی بزوتنەوەکەی پێ گەرم دەکاتەوەو بەردەوام دۆخێکی تاڵانچێتی و جەردەیی و کەڵەکەی سەرمایەیەکی بێ شمار بۆ سەرکردەی حزبە میلیشیاکان و سەرمایەداران فەراهەم هێناوە.

واتە لە کاتێکدا ئامانجەکانی خەڵک لە ڕاپەریندا بۆ خۆی ڕۆشن نەبێت، یان تەواوی ئومێدی خۆی گرێدابێت بە داگیرکاری عێراق لەلایەن ئەمریکاو خۆبەستنەوە بە بزوتنەوەی کوردیەتیەوە، ئاکام و چارەنوسی ئەو راپەرینە لە هەلومەرجی سیاسی نالەباری ئێستای کوردستان و دەسەڵاتی بنەماڵەو حزبی میلیشیاو جەردەیی و تاڵانی زیاتر هیچی تری لێ بەرهەم نایەت، هەر راپەرینێکی جەماوەری تر هەمان

## پاشماوەی .. سەبارەت بەڕاپەڕینی ئازاری ١٩٩١

سیناریۆ دوبارە کاتەوە، حاڵی کوردستان گەر خراپتر نەبێت باشتر نابێت.

**ئۆکتۆبەر: ئایا ڕاپەڕین یان هەستانی جەماوەری داهاتوو دەبێت چۆن بێت تا دیسانەوە ڕەنج و قوربانیەکانی جەماوەر ئاکامێکی پێچەوانەی دژ بە ئومیدو هیواکانیان نەبێت؟ دەبێ جەماوەر چی بکەن؟ ئەرکی کۆمۆنیستەکان و حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان چیە لە پەیوەند بەو پرسەوە؟**

**عوسمانی حاجی مارف:** پێش هەمو شتێک پێویستە بزانین ڕاپەڕین بۆچیە؟ بە تایبەتی بەشەریەت خاوەنی ئەزمونێکی بێ وێنەیە لە ڕاپەرینە جەماوەریەکان و شۆڕشەکاندا، بەڵام لە هەمان کاتدا بەرەوڕوی ئەزمونی زۆر تاڵی دوای ڕاپەڕین و شۆرشەکانە، ئەو ئاراستەیە زۆر نەرێنیە کە ڕاپەڕینێک بەڕێ دەکەوێت بۆ ڕوخانی دەسەڵاتی سیاسی، بەڵام ئاسۆی ئایندەی دەسەڵاتی ئەڵتەرنەتیف نادیارە یان دەسەڵاتی پارێزەری سەرمایە لە دەزگاو شێوازێکی تردا باوەڕ بەخەڵک دەهێنێتەوەو خۆی بۆ چەندین ساڵی تر دوبارە دەکاتەوە.

ئاسۆیەک کە پێویستە لە ڕێرەوی مێژوی کێشمەکێشی کۆمەڵایەتیدا بە بنەما وەربگیرێت ڕەوتی کۆتایی هێنانە بە چینەکان، هەڵوەشانەوەی سەرمایەداری کۆتایی هێنانە بە پەیوەندی کارو سەرمایە، هەر بزوتنەویەکی سیاسی ڕابەرایەتی هەنگاوەکانی کۆتایی هێنان بە کاری بەکرێ نەکات، لە ژێر هەرناوێکدا بانگەوازی ڕاپەڕین و شۆرش بکات، هەمان هەلومەرجی پێکهاتەی کۆمەڵگەیەکی نایەکسان پارێزگاری دەکات.

بەدوای ٣٠ساڵ لە کۆتایی دەسەڵاتی بەعس خەڵکی کوردستان هەر ئومێدو ئامانج و خواستێکیان لە ڕوخانی ئەو دەسەڵاتەدا چاوەڕوان کردبێت، نەک بۆیان نەهاتە دی بەڵکو لەبەرامبەر ئەوپەڕی چەوسانەوەو نایەکسانی و نائاسودەیی و نەبونی ئاسایش و گێژاو و سەرگەردانی و نادیاری چارەنوسدا بەرەوڕون، گەر دەورانی ستەمی ئەوپەڕی نائینسانی ودرندانەی بەعس مایەی بەهێزکردنی باوەڕی هزری کوردایەتی بوبێت، لە هەمان کاتدا فرسەتێک بو بۆ حزبەکانی کوردایەتی تا بە ناوی کوردایەتیەوە گەورەترین مامەڵەو بازرگانی بەچارەنوسی ژیانی خەڵکەوەبکەن، بەڵام لە ماوەی ٣٠ساڵی دەسەڵاتی حزبەکانی کوردایەتی، نەک کوردایەتی ڕیسواکرد بەڵکو وانەی نەفرەتی کوردبونی بەخشی بە زۆرینەی خەڵکی کوردستان.

گەر سەرنج بدەین ٣٠ساڵ کەم نیە لە ژیانوگوزەرانی خەڵک تا ئەو ئاستەی کوردایەتی شکۆی مرۆڤەکان بشکێنێت و هەروەها ببێتە ئەزمونێکی ئەرێنی بۆ ڕێکخستنی نارەزایەتی و ڕاپەڕینی جەماوەری بە دور لە ئاسۆی کوردایەتی، بەڵام گەر ئەڵتەرنەتیفی دەسەڵاتی خەڵک بەرنامەی ئازادی و یەکسانی و دنیایەکی باشتر نەخاتە دەستوری کارو خەباتی سیاسیەوە مێژوو چەندین ٣٠ساڵی تر لە شێوازی دەسەڵاتی سیاسی نائینسانی و کۆنەپەرست و تاڵانچی و سەرکوتگەرو دوبارە دەکاتەوە.

ڕابەریکردن و ڕێکخستن و ئامادەبونی نارەزایەتی و خرۆشانە جەماوەریەکان دەبێت بە ئاسۆی یەکسانخوازی و دابینکردنی دەسەڵاتی ڕاستەوخۆی نوێنەرانی خەڵک بێت لە شوراکاندا، دامەزراندنی دەسەڵات لەخوارەو بۆ سەرەوە. ئامادەبون بۆ ڕاپەڕین، پێش وەخت پێویستە خەڵک ئامادە بێت بۆ دابینکردنی دەسەڵاتێک کەنوێنەرو خواستی ڕاستەقینەی کرێکار و خەڵکی زەحمتکێشە.

ئەرکی حزبمان و هەرکۆمۆنستێک پەیداکردنی دەورو مەوقعیەتی خۆیەتی لە ڕابەریکردن و ڕێکخستنی خەباتی کرێکاری و جەماوەری بە ئاراستەی سەرکەوتنی دەسەڵاتی شوراکان. ★

## کرێکاران! جەماوەری بەشمەینەت!
## دەسەڵات تەمەنی خۆی کردووە و ئیتر نورەی دەسەڵاتدارێتی خەڵکە!

**حزبەکانی بزووتنەوەی کوردایەتی وەکو ئەوەی نوێنەری چینی سەرمایەدارن، ٣٠ ساڵە ئەزمونی سیستەم و دەسەڵاتێکیان کردووە کەسەراپا لەگەڵ ژیان و بژێوی و حورمەتی ئینسانی ئیوەدا ناکۆکە. ناکرێ لەوەزیاتر هەژاری و نەداری، بیکاری و ستەمەگەری و ئەو جیاکاریە چینایەتیە تەحەمول بکەین کەئەم حزبانە و حکومەت و سیستمەکەیان بۆ قازانجی خۆیان و کەڵەکەی سەرمایەکانیان، بەسەر ژیانی ئێمەوە رایان گرتووە، بۆیە ئیتر کاتی وەلانانی ئەم دەسەڵاتە و حاکمیەتی ئەم حزبانەی بزوتنەوەی کوردایەتیە، کاتی هێنانەمەیدانی ئیرادەی ڕاستەوخۆی جەماوەری و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگایە لەلایەن جەماوەری کرێکاران و زەحمەتکێشان و ژنان و لاوان و خەڵکی نارازیەوە. کاتی خۆڕیکخراوکردنە لە شوراکان و ئەنجومەنەکانی شاردا. کەوایە با لەشوینی کارو ژیاندا، لەگەڕەک و فەرمانگەو بەرێوەبەرایەتیەکاندا، دەستبخەینە نێودەستی یەک و لەدەوری یەکتر کۆبینەوە و نوێنەرانی خۆمان لەکەسانی دلسۆزو جەسور هەڵبژێرین و کۆنترۆڵی ناوەندەکانی کار و گەڕەکەکان لەدەست بگرین و لەم ڕیگایەشەوە بەردی بناغەی دەسەڵاتدارێتی جەماوەر دامەزرێنین!**

# وەلانانی ئەم دەسەڵاتە پێشمەرجی کۆتاییهێنانە بە ستەمکێشی ژنان و بەدیهێنانی ئازادی و یەکسانی !

## بەیاننامەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان بەبۆنەی ٨ی مارس ڕۆژی جیهانی ژنانەوە

٨ ی مارس ڕۆژی خەباتی نێونەتەوەیی ژنان و پیاوانی یەکسانیخوازە دژی نایەکسانی و ستەم و چەوساندنەوە دژ بە ژنان، دژی کۆیلەکردن و زەوتکردنی ئازادیەکان و پێشێلکردنی مافە ئینسانیەکانی ژنان. ڕۆژی وەستانەوەیە دژ بە هەلومەرجێک کە ژنان لە پێگەیەکی نزم و کەمتری کۆمەڵایەتیدا دادەنێت.

لەسایەی سیستەمی سەرمایەداریدا، لەمسەری دنیاوە بۆ ئەوسەری ژنان ڕووبەڕووی جیاکاری و ستەم و بێمافکردن دەبنەوە. ژنان کرێی کەمتر لە پیاوان وەردەگرن، لەڕووی هەلی کارەوە جیاکاری لەدژیان بەکاردەبرێت. هەراسانکردن و دەستدرێژی سێکسی بۆسەر ژنان تا دەگاتە بازرگانیکردن بە ژنانەوە بووەتە نۆرمی کۆمەڵگا سەرمایەداریەکان. لە پێشکەوتووترین وڵاتیشدا بە بیانوی جیاوازی نەتەوە و کلتورەکان و ئاینەکانەوە ئەوپەڕی کۆنەپەرستی لە دژی ژنان پیادە دەکرێت. ژنانی ”بیانی“ و ”کەمینەکان“ لە پەراوێزی کۆمەڵگا و خوارەوەدا ڕاگیراون□

لە هەلومەرجی ئێستادا کە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی گیرۆدەی پەتای کۆرۆنا بووە، ژنان بەشی شێریان لە قوربانیەکان و نەهامەتی و بێمافی و بێکارکردنیان بەسەردا سەپێنراوە. بەکەم سەیرکردن و هاڕینی شکۆی مرۆیی ژنان برینێکی قوڵە و جەستەی مرۆڤایەتی ئەمڕۆی ئەنجن ئەنجن کردووە و مۆرێکی ڕەشی لە تەوێڵی سیستەمی سەرمایەداری ئەم سەردەمە داوە.

لەکوردستانیش سەرباری بێکارکردن و بێمافکردنی ژنان لە فرسەتی کارکردن و زیندانیکردنیان لە چواردیواری ماڵ و سەپاندنی کاری ناوماڵ، سەرباری سەپاندنی یاساو ڕێسای کۆنەپەرستی ئیسلامی و ناسیۆنالیستی بەسەریاندا، سەرباری باری سەختی ئابوری و کۆمەڵایەتی لە ئاکامی پەتای کۆرۆناوە، توندوتیژی و تیرۆری جەستەیی و کەسێتی ژنان بەردەوامە و ساڵانە ژیانی سەدان ژن دەکاتە قوربانی. ئەمە سەرەڕای پەرەسەندنی زیاتری توندوتیژی کۆمەڵایەتی و خێزانی و هەراسانکردنی سێکسی و پەرەدان بە دیاردەی لەشفرۆشی و دەیان موسیبەتی تر دژ بەژنان.

ڕزگاربوونی ژنان لە ژێرچەپۆکی سیستەمی پیاوسالاری و تیرۆر و جیاکاری ڕەگەزی و نەبوونی هیچ جۆرە ئازادی و یەکسانیەک، ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە خەباتی چینی کرێکارەوە بۆ ڕزگارکردنی تەواوی کۆمەڵگا. ڕزگاری یەکجارەکی ژنان مەسەلەی کرێکارانە، مەسەلەی هیچ جۆرە باڵ و ڕەوتێکی بۆرژوازی و فیمینیستی نییە کە خەباتی ژنان بۆ یەکسانی و ئازادی دادەبڕێت لە خەباتی چینی کرێکار بۆ کۆتاییهێنان بەدەسەڵاتی چینایەتی بۆرژوازی و سەرمایەداری.

بەڵام لە هەلومەرجی ئێستای کوردستاندا کە ڕێگری بەردەم خەباتی سۆشیالیستانەی چینی کرێکار بۆ ڕزگارکردنی کۆمەڵگا، دەسەڵاتی میلیشیایی و خێڵەکیانەی بۆرژوا ناسیۆنالیزمی کوردە، خەبات بۆ ڕزگاری یەکجاری پێویستە پێش هەر شتێک ئەم لەمپەرە لەبەردەم خۆیدا هەڵبگرێت. تێکۆشان و هەوڵی ژنان و پیاوانی یەکسانیخواز و ئازادیخواز بەشێکە لەم خەباتەی چینی کرێکار.

**ژنان و پیاوانی یەکسانیخواز!**

ئەگەر بمانەوێت تیرۆر و ژنکوژی بنبڕ بکەین، ئەگەر بمانەوێ کۆتایی بە لەشفرۆشی و بە کاڵاکردنی ژنان بهێنین کە وەک موخۆرکەیەکە و لە کۆمەڵگای کوردستانی داوە، ئەگەر بمانەوێت کۆتایی بە هەراسانکردن و گێچەڵکردن بە ژنان و بە کەم سەیرکردنیان بهێنین، ئەگەر بمانەوێت یاسا کۆنەپەرست و دواکەوتووەکان کە لە دژی ژنانن، هەڵبوەشێنینەوە و بە یاسای یەکسانی جێیان بگرینەوە، ئەگەر بمانەوێت ژیانێکی ئارام و ئازاد و یەکسان بەدیبهێنین و کۆتایی بەهەموو شێوەکانی جیاکاری جنسی بهێنین، ئەوا پێویستە خەباتی خۆمان بۆ کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی ئێستای سەراپا دژە ژنی دەسەڵاتی حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی و نیزامەکەی بەهێز بکەین و بیهێنینە مەیدانەوە. با ٨ی مارسی ئەمساڵ پێداگری بێت لە پێکەوەگرێدانی خەباتی یەکسانیخوازانەی ژنان لە پێناو کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد و دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی ئازاد و یەکسان، کۆمەڵگایەک کە لەسەر بنەمای ئیرادەی ڕاستەوخۆ و سەربەخۆی جەماوەری کرێکار و بێبەش، بەڕێوەدەچێت.

**١ی مارسی ٢٠٢١**

★

## گفتوگۆ لەگەڵ عەبدوڵا مەحمود، جەمال موحسن

# ئەزمونی بزوتنەوەی شورایی لە کوردستان

**ئۆکتۆبەر: لەچەرگەی ڕووداوەکانی ئازاری ساڵی ١٩٩١دا، بزوتنەوەیەکی سیاسی نوێ سەری هەلدا کە بە بزوتنەوەی شورایی کوردستان ناسراوەو لە ماوەیەکی کورتدا لە زۆربەی شارو شارۆچکەکانی کوردستان و بگرە لە شاری کەرکوکیش شوراکان پێکهاتن. ئەم بزوتنەوەیە، سەرباری کورتی تەمەنی، شێوازێکی نوێی لە بەڕێوەبردنی کاروباری کۆمەڵگا خستەڕوو. ئێوە ئەو بزوتنەوەیەو ئەو ئەزمونە چۆن هەڵدەسەنگێنن!؟**

**عەبدوڵا مەحمود:** بۆئەوەی بتوانین بزوتنەوەی شورایی و ئەو ئەزمونە کورتەی هەڵبسەنگێنین، پێویستمان بەوەیە ئەگەر زۆر بەکورتیش بێت، چاوێک بە هەلومەرجی ئەوکاتەدا بخشێنین کە بزوتنەوەی شورایی تیایدا دەرکەوت. بزوتنەوەی شورایی و شوراکان لەدڵی ڕەشترین و بڕگەی مێژوویدا، لەناو جەرگەی وەیشومەی جەنگ و ملهوری ئەمریکاو غەربدا، لەژێر سایەی ئاسۆی کۆنەپەرستانەی ناسیونالیستیدا، لەگەڵ ڕاپەڕینێکدا کە ئاسۆی بزوتنەوەی کوردایەتی و خەونی کۆنەپەرستانەی حزبەکانیان، بەسەریدا زاڵ بوو، هاتە مەیدان. لەو هەلومەرجەدا شوراکان و بزوتنەوەی شورایی سەرباری هەر کەموکوڕی و نارۆشنیەک کەهەیان بوو. جوانترین دیاردەی "نا" وتن بوو بەم هەلومەرجە... تاکە دیمەنی ڕوناکی ناو جەنگەڵستانێکی تاریک بوو.

دەبێ ئەوا ڕاستیەش لەبەرچاو بگرین، بزوتنەوەی شورایی بەرهەمی مانگرتنە کریکارییەکان، خۆپیشاندانە جەماوەرییەکان، جموجۆڵی و ڕەوتی ڕوو لەپێشی بزوتنەوەی کرێکاریی و جەماوەری نەبوو، بەڵکو بەرهەمی ئەو بۆشاییە سیاسی و ئیدارەیە بوو، کەبە هەڵپێچانی بنکەو بارەگا و دەسەڵاتی بەعس لە کوردستان دروست بوو. لەو هەلومەرجەدا کە بۆشایی سیاسی و ئیداری دروست بوو، بزوتنەوەی شورایی و شوراکان، بەدەستپێشخەری چەپ و کۆمۆنیستەکان و ڕیکخراوە و گروپەکانیان دەستی بۆ براو پێکهێنران.

ئەم هاتنە مەیدانەی چەپ و کۆمۆنیزم بەم شێوەیەو لە ئاستی کۆمەڵایەتیدا، یەکەمین بەریەککەوتنی چەپ و کۆمۆنیزم و گروپ و ڕێکخراوەکانیان بوو، لەگەڵ کۆمەڵگە و بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکان بۆرژوازییەکان.

تا بەر لەئەزمەی کەنداو و سەروەختی ڕاپەرین گروپ و ڕیکخراوە چەپەکان زۆرتر خەریکی خەباتی سیاسی و فکری و تیئۆری و ژێرزەمینی و نهێنی بوون، بەشداری چەپ و کۆمۆنیستەکان لە ڕاپەڕین و دواتر پێکهێنانی شوراکان، یەکەمین دەرکەوتنی کردەیی و مەیدانی ئەو بلۆکە لە چەپ و کۆمۆنیزم بوو، لە ئاستی کۆمەڵایەتیدا.

ئەم یەکەمین دەرکەوتنەی چەپ و کۆمۆنیزم و دەستبردنیان بۆ پیکهێنانی شوراکان لە کارگەو گەرەکەکان، و لە لەشارەکانی سلێمانی و هەولێر و کەرکوک، و پیشوازی کریکاران و جەماوەری بێبەش لە شوراکان ڕوداوێکی یەکجار گەورە لە کۆمەڵگەی سیاسی کوردستاندا بوو، تا ئەوکاتە بزوتنەوەی ناسیونالیستی کورد و نەریتە سیاسیەکانی تاکە مەیدانداری سەر گۆڕەپانی سیاسی کۆمەڵگەی کوردستان بوو. بۆیە دەرکەوتنی چەپ و کۆمۆنیزم لەمەیدانی پراکتیکی و دەستبردنی بۆ نەریتێکی نوێی کۆمۆنیستی بۆ ئیدارەی کۆمەڵگە و دامەزراندنی شوراکان و هێنانە ئارای چەندین دروشم و ئیدەی سیاسی کریکاریی و کۆمۆنیستی و جیخستنی نەریتی نوێی کۆمۆنیستی لە مەیدانی خەباتی کریکاری و جەماوەری و جێخستنی داخوازی و دروشمە کرێکارییەکان. بەرگری لە ئازادی و ئازادییەکان و هێنانی دروشمی ئازادی بێقەیدو شەرتی سیاسی، یەکسانی نیوان ژن و پیاو و چوونە جەنگی کوشتنی نامووسی، بەرامبەرکێ وەستانەوە لەگەڵ دین و ڕەوتگەلی دینی و خستنەڕووی جیایی دین لە دەوڵەت و سیاسەت و خوێندن و پەروەردە، بەرەو ڕوو بوونەوە لەگەڵ کەلتوری باو، لەهەموو ئەوانەش



عەبدوڵا مەحمود

"شوراکان نمونەیەکی نوێی پشت بەخۆبەستنی جەماوەریی و هەڵبژاردنی نوینەران بەشێوەی ڕاستەوخۆ و ئازادانەبوو.."

## درێژەی .. ئەزمونی بزوتنەوەی شورایی لە کوردستان

گرنگتر دەستبردن بۆ ڕێکخراوکردنی کریکاران و بزوتنەوە کۆمەڵایەتیە رادیکاڵەکان و پیکهێنانی شوراکان وەکو ئەڵگۆیەکی نوێی پشت بەخۆبەستنی جەماوەری و هەڵبژاردنی نوینەران بەشیوەی راستەوخۆ و ئازادانە... چەند گۆشەیەک لە دیمەنی بزوتنەوەیەکی چینایەتی نوێ و تازەی لە کۆمەڵگەی کوردستاندا خستە روو، ئەم دیمەنە و رووهێنانی جەماوەری بۆی، بزوتنەوەی کوردایەتی و حزبەکانی و تەواوی بلۆکی راستی لەناوخۆی کوردستان و ناوچەکە تووشی راچەنین و ترس کرد. کۆمۆنیستەکان و شوراکان، بە خۆنیشادانیان لە ئاستی کۆمەڵایەتیدا و بە دەستبردنیان بۆ نەریتی نوێی کۆمۆنیستی، کۆتاییان بە مەیدانداری تاقانەی بزوتنەوەی کوردایەتی هێنا و لەو کاتە بەدواوە، ئیتر کۆمەڵگە کوردستان تەنها پاوانی ئەو بزوتنەوەیە نییەو چەپ و کۆمۆنیزم، واقعیەتێکی تر حاشاهەڵنەگری کۆمەڵگەی کوردستانە.

دیارە تەمەنی شوراکان کورت و هاوکات خاوەن روئیایەکی رۆشنی کۆمۆنیستی یەکانگیر بۆ هەلومەرجی ئەوکاتە و ئاکامە جیهانیەکانی ئەزمەی کەنداو و سیاسەت و نەخشەی بۆرژوازی جیهانی نەبوو، هاوکات حزبێکی سیاسی کۆمۆنیستی بوونی نەبوو کەئاراستەی بکات و وەڵام بە گرفت و کیماسیەکانی بداتەوەو ببیتە چەتریک بۆ کۆکردنەوەی کۆمۆنیستەکان. لەوانەش واوەتر نەبوونی روئیای سیاسی بۆ دەسەڵات، و دەستنەبردنی بۆ خۆ پرچەککردن و بەرگری... لاوازییەکی تری بوو. بەڵام سەرباری هەموو ئەمانە شوراکان نەریتی بزوتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی دیاریکراوی کۆمەڵگەی کوردستان بوو، نەریتی چەپ و کۆمۆنیزم بوو... کە لەدرێژەی خۆیدا دەستی بە حزبی سیاسی خۆی گەیشت و بووە واقعیەتیکی حاشا لێنەکراوی کۆمەڵگەی عیراق و کوردستان...

دیارە ئەگەر چەپ و کۆمۆنیستەکانی عیراقیش، لە چەند شار و کارگەدا لە ناوەراست و خواروی عیراق، بەهەمان شیوەی کۆمۆنیستەکان و ریکخراو گروپە چەپەکانی کوردستان دەستیان بۆ پیکهینانی شوراکان ببردایە، دەیتوانی کاریگەریی و رۆڵی گەورەی لەسەر بزوتنەوەی کریکاریی و پیشکەوتنخوازی عیراق دابنیت و بزوتنەوەی چەپ و کۆمۆنیستیش لە ئەزمونێکی کردەییدا دەوڵەمەند بکات، کە کاریگەریگەریەکی بۆ چەندین دەهە دەبووە مایەی هیز بەخشین بە کۆمۆنیزم لە ئاستی عیراقدا و راستەوخۆ کاریگەریشی لەسەر بزوتنەوەی شورایی کوردستان دەبوو.

★

# ”شوراکان وەک مۆدیلێکی تر لە دەسەڵات و بەڕێوەبردن سەریان دەرهێنا..“



جەمال موحسن

**ئۆکتۆبەر: دوای سی ساڵ بەسەر بزووتنەوەی شورایی کوردستان، و دوای تەجروبەکردنی دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد لەلایەن خەڵکی کوردستانەوە، کە سەرتاپای بێمافی و هەژاری و زەوتکردنی ئازادیەکان و شکاندنی شکۆی کۆمەڵایەتی و کەسایەتی هاوڵاتیانی کوردستان بووە، پرسی دەسەڵات و شێوازێکی نوێ لە دەسەڵات کە لەبەرژەوەندی خەڵک کاربکات، هاتوتەوە سەر مێزی خەڵک. بەرای ئێوە تا چ رادەیەک دەکری سوود لە ئەزمونی شوراکانی ساڵی ١٩٩١ وەربگیری لەپێناو خستنەرووی بەدیلێکی سیاسی دەسەڵات کە لەبەرژەوەندی خەڵک و بە بەشداری راستەوخۆی ئەوان بەرێوەببرێت؟**

**جەمال موحسین:** سەرەتا ئەمەوێ بە کورتیش بێ ئاماژەیەک بکەم بەوەی بزووتنەوەی شورایی چ شتێکی تازە و جیاوازی هێنایە ناو کۆمەڵگای کوردستانەوە. شوراکان جگە لەوەی جێگایەک بوون بۆ کۆبوونەوە و یەکگرتوویی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش لەگەڵ یەک و ئاستێک بوون لە ڕێکخراوبوون، هاوکاتیش ئامرازێک بوون بۆ هەوڵدان بۆ دابینکردنی کۆنترۆڵ و دەسەڵاتی کرێکاران و جەماوەری بێبەش. کرێکاران لە ڕێی شوراکانەوە دەمودەست مەسەلەی لابردنی بەڕێوەبەرە بەعسیەکانیان کردە خواستی هەمووان و لە هەندێک شوێن بە کردەوە ڕاویان نان. ئەمە بۆ کرێکاران هەر تەنها داوا و خواستێک نەبوو، بگرە هەوڵی ئەوان بوو بۆ دانانی بەڕێوەبەری تازە

## درێژەی .. ئەزمونی بزوتنەوەی شورایی لە کوردستان

لەڕێی هەڵبژاردنی خۆیانەوە لە شوراکانیاندا. شوراکان لە هەر شوێنێک، چ کارگە و ناوەندە پیشەسازیەکان، یان گەڕەکەکان کە دروست ئەبوون شێوەیەکی تر لە بەڕێوەبردن و دەسەلاتداریێتییان ئەنواندا و بەڕێوەئەبرد. شوراکان هەر لەو سەرەتایەوە چەکەرەی دەسەڵاتێکی بنیاتراو لەسەر ئیرادە و ڕۆڵی ڕاستەوخۆی جەماوەری کرێکار و بێبەش بوون. لەو هەلومەرجەدا کە خەڵک لە سەرکوتی موتڵەقی بەعس و ئیستبدادەکەی ڕزگاری بوو بوو، دەرفەتێک هاتبووە ئاراوە کە شوراکان و بزوتنەوەی شورایی بەو سەروسیمایەوە خۆی دەربخات. ئەمە دیاردە و مەسەلەیەکی تازە بوو چونکە کرێکار و کۆمۆنیزم هاتبووە مەیدانێکی کۆمەڵایەتیەوە لە کردەوەی بەڕێوەبردن و دەسەڵاتدا.

ئەم ئەزمونە بۆ خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش و کۆمۆنیستەکان مایەی خۆشحاڵی بوو وە مەیدانێکی گرنگ بوو لە کێشمەکێشی چینایەتی کرێکاران و بۆرژوازی کورددا، کە خۆی بە لولە تۆپەکانی ئەمریکا و ڕۆژئاواوە گرێدابوو. بۆرژوازی کورد هەلی ئەوەی بۆ هەڵکەوتبوو کە دەسەڵات بکەوێتە باوەشیەوە، دیارە بە خۆجووتکردن لەگەڵ ستراتیژی ئەمریکادا. بۆیە سەرهەڵدانی شوراکان و بزووتنەوەی شوراییش بۆ ئەوان مایەی ناڕەحەتی بوو و بە ڕێگریەک ئەیانبینی لەبەردەم خۆیاندا. هەر بۆیە ئەبوایە پێشی پێبگرن و سەرکوتی بکەن و هەڵبکوتنە سەری. ئەبوو هەر لەو سەرەتایەوە پێش بە دەرکەوتنی کرێکار و کۆمۆنیزم بگرن. سەرئەنجام توانییان پاشەکەشە بە بزووتنەوەی شورایی بکەن.

لە هەلومەرجی ئێستای کوردستاندا کە بۆرژوازی کورد بە حزب و باڵە ڕەنگاو ڕەنگەکانیانەوە دەرگیری شکستی حاکمداریێتی و دەسەڵات و قەیرانێکی کەمەرشکێن بۆتەوە، مەسەلەی وەلانانی ئەم دەسەڵاتە و بنیاتنانی دەسەڵاتێکی تر بۆتە سەنتەری کێشمەکێشی چینایەتی نێوان کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێش و بۆرژوازی کورد. خەڵک دەرکی ئەوەی کردووە کە ڕێگەچارە و پێشنیاری هیچ هێزێک نییە، بە بەشداربووان و پێکهێنەرانی ئەم دەسەڵاتەوە بیگرە تا ئەوانەی خۆیان وەک نەیاری ئەو دەرئەخەن، کە ڕێگای دەربازبوون لە سەرچاوەی هەژاری و نەگبەتیەک کە ٣٠ ساڵە یەخەی بە خەڵک گرتووە بخەنە بەردەم. هەربۆیە مۆدێل و شێوازێکیش لای ئەوان دەست ناکەوێ کە دەخاڵەت و بەشداری ڕاستەوخۆی خەڵک مسۆگەر بکات. لە ڕاستیدا هیچ هێز و بزووتنەوەیەکی بۆرژوازی نییە مۆدێلێکی لەو چەشنەی بوێت. ئەوە تەنها مەسەلەی کۆمۆنیستەکان و بزووتنەوەی کۆمۆنیستیە. ئەڵتەرناتیف و شێوازی ئەو بزووتنەوەیەش بۆ جۆرێکی تر لە دەسەڵات و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا تەنها لە ڕێی شوراکانەوەیە. تەنها دەسەڵاتداریێتی شوراییە زەمانەتی دەخاڵەت و بەشداری بەرچاو و ڕۆڵی ڕاستەوخۆی خەڵک لە داڕشتنی یاسا و جێبەجێکردنیشیدا ئەکات.

بەڵام پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە کە ئایا شوراکان و بزووتنەوەی شورایی بە هەمان ئەو شێوەیەی ساڵی ١٩٩١ ئەتوانێ سەرهەڵبدات؟ ڕاستە کە ئەزمونی بزووتنەوەی شورایی ٩١ زۆر بایەخدار و گرنگە و یەکەمین جارە لە مێژووی نووسراوی کوردستاندا جوڵانەوەیەکی لەو چەشنە لە لە ناوەندەکانی کار و گەڕەکەکانەوە شوراکان پێکئەهێنێ و وەک مۆدیلێکی تر لە دەسەڵات و بەڕێوەبردن سەردەرئەهێنێ. ئەم باسە لە زۆر گۆشەوە پێویستی بە قسە لەسەرکردنە و من لێرەدا کارم هەڵسەنگاندنی ئەوە نییە. بەڵام لەو هەلومەرجەدا کۆمۆنیستەکان و هەڵسوڕاوانی سۆشیالیست دەستپێشکەری ئەوەمان کرد شوراکان دروست بکەین و هێشتا لە سەرەتای خۆگرتنیدا بوو و وەک کۆرپەیەکی تازەی کۆمەڵگای کوردستان خەریکی پێگرتن بوو بەڵام وەک وتم سەرکوت و داخستنیان لەڕێی بۆرژوازی کوردەوە تەمەنی ئەم بزووتنەوەیەی کورت کردەوە.

بەڵێ ئێمە چ کۆمۆنیستەکان و چ خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش ئەتوانین سوود لەو ئەزمونە وەربگرین. سەیری خاڵە لاوازەکانی ئەو کاتەمان بکەین، کە هێشتا پارچە پارچە بووین، خاوەنی حزبی سیاسی نەبووین، لە هەلومەرجێکدا کەوتین بەسەر ئەو شێوازە لە بەڕێوەبردندا بەڵام هێشتا زۆر پرسیاری تر بێوەڵام مابوونەوە لە چەشنی ئەوەی کۆمەڵگا چی لێبکرێ؟ چ جۆرە ڕێکخستنێکی ئابوریەکی هەبێ؟ یاسا و دەستور و ڕووبەڕووبوونەوەی هێزە ناوچەیی و جیهانیە دژەکان چۆن ئەبێ؟ دەسەڵاتی جەماوەری چۆن ئەپارێزرێ؟ وە زۆر شتی تر.

هەموو ئەم مەسەلانە و بگرە زیاتر لە ئێستاشدا هەر ماون و پێویستیان بە وەڵام ئەبێت. بە بڕوای من مەسەلەیەک یان وانەیەک کە ئەبێ لەبەرچاوی بگرین ئەوەیە کە چۆن لە خوارەوە لە کۆمەڵگادا ڕەوایەتی لە دەسەڵات لە ناو جەماوەرەوە ئەسەندرێتەوە. ڕاستە ئەم دەسەڵاتە لای خەڵک هیچ ڕەوایەتیەکی نییە، بەڵام هەر حاکمە بەسەر سەری خەڵکەوە. سەندنەوەی ڕەوایەتی لە خوارەوە ماناکەی ئەوەیە کە ئەگەر بە شکڵی و لەسەرەوە حکومەت و دەسەڵات هێشتا هەر ماوە، بەڵام لە گەڕەک و ناوەندەکانی کارەوە دەسەڵات لە دەست ئۆرگانەکانی خەڵکدا بێ، واتە شوراکان (یاخود ئەنجومەن، دەستە، یان هەر شتێک کە جەماوەر خۆی تێدا ڕێکخستووە). لە کارگە و فەرمانگە و قوتابخانە و نەخۆشخانەکان و لە گەڕەکەکاندا خەڵک بتوانێ کۆبوونەوە گشتیە

# تراژیدیای مەسیحیەکان و سەردانەکەی پاپا بۆ عێراق!



| خەسرەو سایە

لەماوەی چەند رۆژێکی کەمدا و بەدوای تێپەڕین بەنێو شەپۆلێکی فراوان لە پروپاگەندەی میدیاییدا، پاپا هاتو رۆیشت. هاوکات هەر لەم چەند رۆژە کەمەدا بینیمان کەچۆن هەموو پیاوانی وردو درشتی چینی دەسەلاتدارو ریزێک لەنوێنەرانی حزب و لایەنی قەومی و تایەفەگەریەوە، چ لەعێراق و چ لەکوردستان، دەست بەسینەوە راوەستان و چەمانەوە و بەسەر فەرشی سوردا رۆیشتن و تا بۆیان کرا پاپایان پیرۆزکرد، سەرەنجامیش بەدوای خۆیاندا بوخارێکی چڵکن و پڕ لەدرۆ و ناراستیان لەژێرناوی "ئاشتی وپێکەوە ژیانی ئاینەکان" و رێکەوتنی لقوپۆپە تائیفی و قەومییەکانیان، جێهێشت. بەڵام ئەوەی لەم نێوەدا کرایە بابەتی بەزەیی و کەرەسەیەکی سیاسی، زیاتر هاوڵاتیانی مەسیحی و تراژیدیایەک بوو کەژیانی ئەوانی بۆ زیاتر لەدەهەیەک لەگەڵ ئاوارەیی ومالوێرانی و تیرۆر و کوشتاری بەکۆمەڵدا رووبەرووکردۆتەوە. کەوایە ئەم هەموو مەدح وسەنا و پیرۆزکردنەی سەفەرەکەی پاپا بۆ عێراق بۆچیە و چ راستیەک لەپشت سەردانەکەیەوە، راوەستاوە؟ ئایا ئەم سەردانە بەراستی بۆ ئاشتەوایی ئاینەکان و پێکهێنانی لێبوردەییە لەنێوان ئەو دەستەوتاقمە ئاینی و تیرەگەریانەدا کە زیاتر لەدەهەیەکە کەوتونەتە گیانی کۆمەڵگاوە و گۆمی خوێن و کاولکاریان جێهێشتوە؟ وەیا ئەم سەردانەی پاپا لانی کەم ئاهێک بەسینەی ئەو بەشە لەهاوڵاتیاندا دەهێنێت کەبەناوی "مەسیحیەت" وە گیرۆدەی تراژیدایایەک بوون ؟

بەپێچەوانەی ئەوانەوە کە پروپاگەندە و درۆو دەلەسەی سەرانی چینی دەسەلاتدار، ووروکاسی کردون و پێیانوایە کە پاپا بۆ "ئاشتی و تەبایی وباشبوونی دۆخی مەسیحیەکان" هاتۆتە عێراقەوە گوایە دەیەوێت ئەو کەلێن و بۆشاییە پربکاتەوە، کە لەژیانی ئەواندا، وەک بەرئەنجامێک لەشەڕی ناوخۆی دەستەوتاقمە ئاینی و تائیفیەکان و شەری داعشدا پێکهاتووە، بەڵکو سەردانەکەی پاپا لەجەوهەردا لایەنی سیاسی هەیە و راستەوخۆ پەیوەندی بەدۆخی عێراق و کوردستان و ناوچەکەوەیە و لەم چوارچیوەیەشدا، تراژیدیای مەسیحیەکان، کراوەتە کارتێکی سیاسی و لەلایەن هەموانەوە بەدەستەوە گیراوە. تەنانەت پاپا خۆی باش دەزانێت کەسانیکی وەک بەرهەم سالح وکازمی و مالیکی و حەلبوسی و عامری و کورەکانی بنەماڵەی بەرزانی و تاڵەبانی.. کە سەردانەکەی ئەویان پیرۆز کرد، نەک هەر ئەهلی ئاشتی و تەبایی نین، بگرە هەرخۆیان خوڵقێنەری ئەو زەلکاوەی ئەمرۆن کەکۆمەڵگای عێراقی تێدا راگیراوە. ئەمانە کە سەرتاپایان لەتاڵانی و گەندەڵیدا نوقمەو تا ئەو شوێنەی کەڵەکەی سەرمایە و بازاڕی قاچاغچێتی وکۆمپانیا و بازرگانیان ⇦

---

⇨ پاشماوەی .. ئەزمونی بزوتنەوەی شورایی لە کوردستان

رێکخراوەکانی خۆی بکات، هەر لەو کۆبوونەوانەدا بریارەکانی خۆی دابرێژێت و هەر لەوێشدا نوێنەرانی سەر راستی خۆی دیار بکات بۆ بردنەپێشەوەی ئەو بریارانەی. حکومەت و دامودەزگاکانی لەو ئاستانەدا قسەیان بڕ نەکات و خەڵک خۆی بریاردەر بێت تاکو لە ئاستی بزووتنەوە و جوڵانەوەی کۆبوونەوە گشتیەکان و شوراکاندا خۆی رێکبخات و خۆی بۆ دەخاڵەتێکی سەراسەریتر لە دەسەڵاتداریتی کۆمەڵگادا ئامادە ئەکات. بە بڕوای من ئەمە زیاد لە هەر کاتێک لە ئێستادا ئیمکانی هەیە و لە توانادایە چونکە لە شکستی دەسەڵات و قەیرانێکەوە کە تێیکەوتووە، خەڵک چاوی لە بەدیلێکی تر بریوە کە ئەویش تەنها و تەنها ئەتوانێ بەدیلی دەسەڵاتی شورایی بێت. بەڵام ئایا ئەمە بریاریکە ئێمە بیدەین یان بە شێوەیەکی ئیرادەگەری ئەکرێت؟ نا، ئەمە جوڵانەوەیەکە و ئەبێ بەرێبکەوێ. تەنها بەوەی کە کۆمۆنیستەکان باوەڕیان پێیەتی و کاری بۆ ئەکەن و وەک تاکە ئەڵتەرناتیڤی دەسەڵاتداریتیە رەنگاورەنگەکانی بۆرژوازی دایئەنێن، بەس نیە و بەرێناکەوێ.

ئێستا توانای ئەوە هەیە کە کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێش و بێبەش لە شوێنی کار و ژیانیاندا دەست بۆ پێکهێنانی دەستە و کۆڕ و کۆمەڵەکانیان ببەن، ئەمەش بەرەو سازدانی کۆبوونەوە گشتیە مونەزەمەکان ببەن. لەمەشدا دیسان ئێمە کۆمۆنیستەکان ئەبێ و ئەتوانین دەستپێشکەر بین، بەڵام ئەمە کاریکە ئەبێ لە خوارەوە لە نێو بەش و ناوەند و شوێنی ژیاندا دەست پێ بکات.

★

## درێژەی .. تراژیدیای مەسیحیەکان وسەردانەکەی..

بیخوازێ، ئامادەن لەسەرو هەر پرەنسیپێکی ئینسانیەوە، کۆمەڵگا لە خوێن و کاولکاری و شەرو پێکدادانی قەومیو تیرەگەری ئاینیدا بخنکێنن. هەربۆیە زمان لوسی ومەدح و سەنای پاپاو سەفەرەکەی، تا هەڵرشتنی فرمێسکی تیمساحیانە بۆ مەسیحیەکان، تەنها بەخاتری ئەوەیە کە پاپا بەهانایانەوە بێت و گیانێک بەبەر دەسەلات و حوکمەتێکدا بکاتەوە کە لەسەر لێواری دارمانی یەکجاریە. بەمجۆرەش رۆڵێکی سیاسی کە پاپا لەدوا ئەنجامدا لەم سەفەرەیدا و لەژێر پەردەی پروپاگەندی ئاشتی و لێبوردەییدا دەیەوێت بیگێرێت، هەرئەوەیە کەوەک فریادرەسێک دەخاڵەت لەدۆخی ئێستای عێراق وکوردستاندا بکا و بکەوێتە فریای چینی دەسەلاتدار وحزبەکانیەوە، ئەویش لەو گێژاو وقەیرانەدا، کە یەخەی پێگرتوون. بەتایبەتی لەکاتێکدا کە عێراق و کوردستان لەدرێژەی ناکۆکی و ملاملانێی سیاسی و بەرژەوەندیە جیهانی و ناوچەییەکاندا، گیرۆدەی چەندین کێشە و گرفتی ئابوری، سیاسی و ئەمنی بوتەوە. سەرەرای کێشە داراییەکان و دەرئەنجامەکانی قەیرانی ئابوری و نەخۆشی کورۆنا، کێشمەکێش و ناکۆکی نێوان لایەنە شیعیەکان، کێشە لەگەڵ لایەنە سونیەکاندا، کێشەی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا، نفوزو دەخاڵەتی ئێران و رۆڵی گروپە چەکدارەکان لە نائەمنکردنی دۆخەکەدا، تا کێشەی نێوان ئەمریکاو ئێران، دەخاڵەتی سەربازی تورکیا.. هەموو ئەمانە لەپاڵ نارەزایەتی جەماوەری و ئەگەری خرۆشانێکی گەورەی کۆمەلایەتیدا، سەرتاپای دەسەلاتداریتی چینی بورژوازی هەم لەعێراق وهەم لەکوردستاندا، لەنێو زەلکاوێکی سیاسی و ئەمنیدا راگرتووە.. لەدۆخێکی ئاوادایە کە پاپا بۆ بەهاناوە چوونی حکومەتەکەی کازمی، سوربونی سەفەرەکەی بەکردەوە دەردێنێ.

بەلام لێرەوە فاکتۆرێکی تر دێتە نێو کایە سیاسیەکەوە ئەویش دەخاڵەتی ئەمریکاو دەوڵەتانی ئەوروپایە. پەلامارە رۆکێتیەکانی گروپە چەکدارە شیعیەکانی سەر بەئێران، نەک هەر پێگە و وجودی هێزەکانی ئەمریکای خستۆتە تەنگانەیەکی ئەمنیەوە، بەڵکو بێتوانایی حکومەتەکەی کازمی لەکۆنترۆڵی دۆخی ناوخۆ وکەیسی ئەمنیدا بەیکجاری نیشانداوە، لەم پەیوەندەدا ئەوە پاپایە کە بەناوی ئاشتی ئاینەکانەوە هەوڵیدا لەلایەک دەستی نوێنەرانی سیاسی "پێکهاتەکان" بخاتە نێو دەستی یەکەوە، تا باری لارەوەبووی "دیموکراسی و پلورالیزمە سیاسیەکەی عێراق" راست کاتەوە و لەلایەکیتریشەوە، دایان ببرێت لەگروپەکانی لایەنگری ئێران. خودی سەردانەکەی پاپا بۆلای سیستانی، ئەو پەیامەیدا بەحزبە شیعیەکان، کەناوەندی مەسیحیەتی جیهانی، کەدەولەتانی ئەوروپای لەپشتە، مەرکەزی تەشەیوع بەعێراق دەزانێت نەک ئێران. کەبێگومان هەر ئەمەش دەبێتە مەرجی مامەڵەکردنی سیاسی و بازرگانی و گەیاندنی هاوکاریە ئەمنیەکانی نێوان ئەمریکا وئەوروپا لەگەڵ ئەم حزبانە و حکومەتی عێراقدا، کەئیتر ناتوانن لێی لابدەن. لەمەش زیاتر هێشتا پاپا لەرۆما دانەبەزیبوو کە کازمی بانگەوازی ئاشتەوایی نیشتیمانی بۆ هەموو لایەنەکان، بەهەرێمی کوردستانیشەوە راگەیاند، ئەمەش خۆی لەخۆیدا چەسپاندنی یەکێک لەهەوڵە سیاسیەکانی پاپایە لەمەڕ یەک دەست کردنەوەی حوکمەت و لایەنە پێکهێنەرەکانی.

بەلام لە پەیوەندەدا بەمەرامە سیاسیەکانی دەوڵەتانی ئەوروپاوە، پاپا رۆڵێکی زیاتری پێدراوە، رۆڵێک کەلە بنەرەتەوە لەسەر "کەیسی مەسیحیەکان" وتراژیدیایەک کەگیرۆدەی بوون دەچێتە پێشەوە.

چەمکی "مافەکەنی مرۆڤ" کەهەمێشە بنەمای دەخاڵەتگەری سیاسی دەوڵەتانی ئەوروپا بووە لەنێو دۆخی ئەو ولاتانەدا، کەهێشتا ئامادەنین، پەیرەوی لەمەرجەکانی "سیستەمی ئاسایشی یەکیەتی ئەوروپا" بکەن. لەمبارەوە مەسەلەی کۆچو پەنابەری، ئەو فاکتۆرەیە کەئەم سیستەمە دەخاتە بەردەم مەترسیەوە. بەلام دەوڵەتانی ئەوروپا لە تراژیدیای مەسیحیەکاندا هەر ئەوە نابینن کەلەماوەی ئەم دەساڵەی دواییدا، زیاتر لەملیۆنێک مەسیحی ئاوارە بوون و کۆچیان کردوە بۆ دەرەوە، تەنانەت هەر ئەوەیان لەبەرچاو نییە کە زیاتر لە١٨٠ هەزار هاولاتی مەسیحی کوژراو وبێسەروشوێن بون و دەیان کەنیسەو گوندو مەڵبەندیان خاپورکراوە، بەڵکو مایەیان لەسەر ئەوە داناوە کە کەمبوونەوەی رێژەی مەسیحیەکان لەملیۆنێک و ٤٠٠ هەزار کەسەوە بۆ ٢٥٠ هەزار کەس، سیستەمی دیموکراسی عێراقی کەلەسەر بنەمای پلورالیزمێکی ئەسنیکی و ئاینی و دابەشکردنی دەسەلات بەسەر "پێکهاتەکاندا"، دروست کراوە، رووبەروی ناهاوسەنگی و تێکچون و ونبونی یەکێک لەرەگەزەکانی بوتەوە. راستکردنەوەی ئەم ناهاوسەنگیە سەرەتا هەوڵێکی زۆردرا بەگێرانەوەی مەسیحیەکان بۆ شوێنەکانی خۆیان و سەروژێر بونەوەی ژمارەیەکی تریان لە ئەوروپاوە بۆ ناوخۆی عێراق، بەلام هەموو ئەم هەولانە بێئاکام مانەوە، ئێستا ئیتر ئەوروپاو ئەمریکا بۆ پرکردنەوەی ئەو کەلێن و بۆشاییەی کەدەوترێت لەژیانی مەسیحیەکاندا پێکهاتووە، سەرنجیان چوتەسەر داسەپاندنی پرۆژەیەکی ستراتیژی تر، ئەویش گەرانەوەیە بۆ دروستکردنی هەرێمێک لەناوچەی دەشتی نەینەوا، کەلەلایەن مەسیحیەکان خۆیانەوە بەرێوەببرێت و بەپشت بەستن بە هێزێکی چەکداری تایبەت بەخۆیان بپارێزرێت، وەیا لانی کەم ئەم پرۆژەیە لەرێگای ناچارکردنی حکومەتی

## پاشماوەی .. تراژیدیای مەسیحیەکان وسەردانەکەی..

عێراقەوە، بەگرتنەبەری ڕێکەوتنێکی هاوشێوەی ئەوەی شەنگال، بخرێتە سەرپێ. بێگومان کارێکی ئاواش دەستی پاپاو فاتیکان وەک لایەنێکی چاودێر دێنێتە عێراقەوە.

بەدڵنیایەوە پرۆژەیەکی ئاوا، نەک هەر دۆخی تراژیدی مەسیحیەکان بەرەو باشبون ناباو لەو تەنگانەو هەلومەرجە نائارامی و زەبونیەی تێی کەوتون دەرناکێشێ، بگرە هێزێکی میلیشیایی و تائیفی تر بۆ سەر لیستی هیزەکانی تر زیاد دەکا و بەمەش برینێکی تر لەسەر جەستەی کۆمەڵگای عێراق هەڵدەکەنێ. ئەمەیە ڕاستیەکانی پشتی پڕوپاگەندەی ئاشتەوایی ئاینی و لێبوردەییەک کە پاپاو هاوئاوازەکانی دەیدەن بەگوێی هاوڵاتیاندا .

بەلام ئەوەی لەسەردانەکەی پاپادا بۆ کوردستان دەرکەوت، هەڵسوکەوتی زەبونانەو فڕوفیشاڵئامیزی حکومەتەکەی پارتی وسەرانی بوو، کەزۆر هەوڵیاندا تا بەنمایشی ئاینی و پڕوپاگەندەی ناڕاستەوە، روخساری سەرکوتگەرانەو زاڵمانەی خۆیان بشارنەوەو ڕەوتی ڕق و بیزاری و نارەزایی خەڵک داپۆشن و وایان تێبگەیەنن کەکوردستان بۆتە سەنتەری پەیوەندیە جیهانیەکان و ئەمەش خێرە بۆ دوارۆژی ئەوان!. لەکەنار ئەمەشەوە هاندانی نوێنەرانی مەسیحی و ئاشوری و تورکمان و شەبەک و کاکەیەکانی لایەنگر بەپارتی، بۆئەوەی بەناوی "کەمایەتیەکان"ەوە داوا لە پاپا بکەن کەگوشار بۆ حکومەتی عێراق بهێنێت تا مادەی ١٤٠ لە لەناوچە مەسیحی نشینەکاندا جێبەجی بکات، وەیا ئەوەی کە حکومەتی عێراق ملبدات بەپڕۆژەی دامەزراندنی هەرێمێک لەدەشتی نەینەوادا، گوایە لەم ڕیگایەوە نەیارانی پارتی و حکومەتەکەی لەبەغدا لاواز دەبێت!. هەموو ئەمانەش پێماندەڵێت کە پارتی و حکومەتەکەی وەک هەمیشە بەرژەوەندیەکانی خۆی لەدنەدانی قەومی و ئاینی و لە بەقوربانیکردنی سەلامەتی و ئارامی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێشی عێراقدا دەبینێتەوە.

لەکۆتاییدا هاتنی پاپا ئەو ڕاستیەی بۆ خەڵکی کوردستان و عێراق سەلماندەوە، کەهەموو هێز ولایەنە بۆرژوازیەکان، چ هێزو لایەنی ناوخۆبن وەیا ناوچەیی و جیهانی بن، سەرەڕای ناکۆکی و کێشمەکێشی نێوانیان، بەلام لەبەرامبەر ژیان و چارەنوسی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێشدا، یەکدەستن و کارنامەیەکی هاوبەش بەڕێوەدەبەن کە ئەویش بریتیە لە داسەپاندنی هەژاری و نەداری و ماڵوێرانی و جەنگ و تیرۆرو تێکدانی ئارامی کۆمەڵایەتیە.

★

**ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ دەسەڵاتی بەعسی لە کوردستان ڕامالی، بەلام ئێستا جەماوەری کوردستان دەبێ بە ڕاپەڕینێکی دیکە ئەو دەسەڵاتە ڕابماڵێت کە بەهۆی وەهمی جەماوەرو وەکو ئاکامی ڕاپەڕین دەسەلاتیان گرتەدەست و ٣٠ ساڵە نان و ژیان و گوزەران و ئازادیەکانی خەڵکیان بە بارمتە گرتوە.**

**بەدەستهێنانی ئازادی و خۆشگوزەرانی، بەندە بە خەباتی یەکگرتوانەی جەماوەری کرێکاران وزەحمەتکێشانەوە بۆ کۆتاییهێنان بەدەسەڵاتی بۆرژوازی کوردو حزبەکانی!**

**ئازادی، یەکسانی، حکومەتی کرێکاری!**

# دنیایەکی باشتر

## لەبەرنامەی کۆمۆنیزمی کرێکاریەوە

### شۆڕشی پرۆلیتاری و حکومەتی کرێکاری

قسەکەران و بیرمەندانی بۆرژوازی، مارکسیزم و کۆمۆنیزمی کرێکاری بەوە تاوانبار دەکەن کە جارِ بۆ پیادەکردنی توندوتیژی و زەبروزەنگ دەدەن لەپێناو گەیشتن بە ئامانجە کۆمەڵایەتیەکانی خۆیاندا. ڕاستیەکەی ئەوەیە کە ئەوە خودی نیزامی بۆرژواییە کە لە بنەڕەتەوە لەسەر زەبروزەنگی بەرنامەڕێژیکراو دامەزراوە. زەبروزەنگ لە دژی گیان و جەستەی ئینسانەکان، زەبروزەنگ لە دژی سۆز و بیر و زەینیان، زەبروزەنگ لە دژی ئومێد و هەوڵی ئەوان لەپێناو باشکردنی ژیان و دنیای خۆیاندا. نیزامی کاری کرێگرتە، واتە ناچارکردنی هەموو ڕۆژەی زۆربەی هەرەزۆری کۆمەڵگە بە فرۆشتنی توانای جەستەیی خۆیان بە کەسانی دیکە لەپێناو بەڕێوەچوونی ژیانیاندا، خۆی سەرچاوە و جەوهەری هەموو زەبروزەنگە زاتیەکانی ئەم نیزامەیە. ژنان، کرێکاران، منالان، بەساڵاچووان، خەڵکی ناوچە بێبەش و دواکەتووەکانی جیهان، هەرکەسێک کە داوای مافێک دەکات و لەدژی ستەمێک ڕاست دەبێتەوە، وە هەموو ئەو کەسانەی کە لەم کۆمەڵگەیەدا مۆری ئەم یان ئەو "کەمینە" نراوە بەناوچەوانیانەوە، قوربانیانی ڕاستەوخۆ و هەموو ڕۆژەی زەبروزەنگی ئاشکرای ئەم نیزامەن. شەڕو کۆمەڵکوژی، لەبنەڕەتدا بەهۆی کێبەرکێی سەرمایەکان و جەمسەرە ئابوورییەکانەوە، لەم نیزامەدا مەودایەکی سەرسوڕهێنەری پەیدا کردووە. تەکنەلۆژیای چەکە نابودکەر و کۆمەڵ کوژەکان چەند ئەوەندە لە تەکنەلۆژیای بەرهەمهێنان پێشکەوتووترە. جبەخانەی بۆرژوازی لەئاستی نێونەتەوەییدا ئەوەندە زۆرە کە بەشی نابودکردنی چەندین جاری هەموو گۆی زەوی دەکات. ئەمە نیزامێکە کە چەکە ترسناکە ئەتۆمی و کیمیاییەکانی بەکردەوە لەدژی کۆمەڵانی خەڵک بەکارهێناوە. سەرەنجامیش سەرباری هەموو ئەمانە، کۆمەڵگەی بۆرژوایی شانازییەکی دیکەشی بەردەکەوێت، ئەویش پێشڕەویە سەرسوڕهینەرەکانیەتی لەبواری کردنی تاوان و کوشتن و دەستدرێژی و پەلاماردان بە مەسەلەیەکی ئاسایی و هەموو ڕۆژە لەژیانی تێکڕای خەڵکیدا.

ئایا دەکرێ نیزامێکی بەم چەشنە لەسەر ڕێگای ڕزگاریی ئینسان و بنەبڕکردنی یەکجاریی توندوتیژی وەلابنرێت بەبێ پەنابردنی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش بۆ زەبروزەنگ؟ لە هیچ گۆشەیەکی تیۆری کۆمۆنیزمدا، بەکاربردنی زەبروزەنگ بە بەشێکی جیانەکراوە و زاتیی شۆڕشی کرێکاری دانەنراوە. بەڵام هەرکەسێک کە بڕێک ئەم کۆمەڵگەیە بناسێ دان بەوەدادەنێت کە چینی دەسەڵاتدار بەخۆشی خۆی ملنادات بە ئیرادەی زۆربەی هەرەزۆری کۆمەڵگە بۆ گۆڕینی ئەم نیزامە. ئەگەر بەرگریکردن لە قازانج و بەرژەوەندی ڕۆژانەی بۆرژوازی ئەرکی دەوڵەت و دەزگاکانی سەرکوتە، ئەوە هیچ قسەی تیا نییە کە بەرگریکردن لە خودی مانەوەی سەرمایەداری و خاوەنداریێتی بۆرژوایی فەلسەفەی وجودی ئەم دەزگایانە پێکدەهێنێ. ئەگەر خواستی زیادکردنی کرێ یان ئازادی بەیان لەم کۆمەڵگەیەدا پێی دەوڵەت و پۆلیس و سوپا دێنیتە ناوەوە، دەکرێ ئەوە پێشبینی بکرێت کە کۆشش بۆ دەستکۆتاکردنی ئابوری و سیاسی بۆرژوازی دەبێ لەگەڵ چ کاردانەوە و بەرگریەکی زەبروزەنگاویدا بەرەوڕوو ببێتەوە. زەبروزەنگی بۆرژوازی و دەوڵەتەکەی لە دژی شۆڕشی کرێکاری، لەدژی ئیرادەی زۆربەی هەرەزۆری خەڵکی کە لە ژێر ئاڵای چینی کرێکاردا لەپێناو بەرپاکردنی کۆمەڵگەیەکی نوێدا دەخرۆشێن، مەسەلەیەکە کە لەڕووی عەمەلیەوە حەتمیە.

شۆڕشی کرێکاری دەبێ دەوڵەتی بۆرژوایی بڕوخێنێ. مقاوەمەتی بۆرژوازی لە بەرامبەر شۆڕش و بەتایبەت لە بەرامبەر ئیشتراکی بوونەوەی هۆیەکانی بەرهەمهێناندا، تەنانەت پاش تێکشکاندنی دەسەڵاتە دەوڵەتیەکەشی، هەر درێژەی دەبێت. لەم ڕووەوە پێکهێنانی حکومەتێکی کرێکاری کە ئەم مقاوەمەتە پووچەڵ بکاتەوە و فەرمانی شۆڕش بەجێ بهێنێت، مەسەلەیەکی چارەنووس سازە. حکومەتی کرێکاریش، وەکو هەر حکومەتێکی دیکە، حکومەتێک نییە لەسەرووی کۆمەڵگە و چینەکانەوە. بەڵکو حکومەتێکی چینایەتیە. بەڵام ئەم حکومەتە، کە هەر لەبەرئەمە لە تیۆری مارکسیزمدا بە دیکتاتۆری پرۆلیتاریا ناوزەد کراوە، دەوڵەتی زۆرینەی چەوساوەی کۆمەڵگەیە بۆ داسەپاندنی حوکمی ئازادیو یەکسانی ئینسانەکان بەسەر چینە چەوسێنەرەکاندا و بۆ زاڵبوون بەسەر هەوڵ و تەقەلا و پیلانەکانیاندا. لەڕووی شکڵ و شێوەوە، حکومەتی کرێکاری دەوڵەتێکی ئازادە کە بڕیاردان و پیادەکردنی ئیرادەی ڕاستەوخۆی جەماوەری بەرینی کرێکار و زەحمەتکێش لە کۆمەڵگە سازدەدات. حکومەتی کرێکاری بەپێی ماهییەتی خۆی حکومەتێکی ڕاگوزارە کە بەوەدیهێنانی ئامانجەکانی شۆڕش زەرورەتی بوونی خۆی لەدەستدەدات و دەپووکێتەوە.

**دابینکردنی ڤاکسینی کۆرۆنا بۆ هەموو هاوڵاتیانی کوردستان بەخۆرایی. ئەرکی حکومەتە !**

**ئەم سیستەم و حکومەتە دەبێ بڕۆن.. ئیتر نۆرەی دەسەڵاتداریێتی جەماوەریە!**

نەخشەڕێگای حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان بەرامبەر بە بنبەستی حکومەت و دۆخی ئێستای کوردستان

دەقی ئەم بەڵگەنامەیە لەسایتی حزبدا لەم ئەدرەسەوە بخوێننەوە:

www.hkkurdistan.org

**ئۆکتۆبەر**

**ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان**

سەرنووسەر : موحسن کەریم

00964(0)770 047 5533

muhsin_km@yahoo.com

**ئۆکتۆبەر بخوێننەوە و بەدەستی دۆستان و ئاشنایانی خۆتانی بگەیەنن!**

سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی:
عوسمانی حاجی مارف
Mob: 00964(0)7701570050
Email: osman_maruf@yahoo.com

جێگری سکرتێر:
موحسن کەریم
Mob: 00964(0)7700475533
Email: muhsin_km@yahoo.com

ڕێکخراوی دەرەوە:
دەشتی جەمال
Mob: 0044(0)7856032991
Email: dashtyjaml@gmail.com
نوری بەشیر
Mob: 0044(0)7476204121
Email: nooribashir1@yahoo.com